# ئەگەر تورکیا، دەوڵەتی عیراقی قبوڵە، دەبێ کوردستان و حکوومەتەکەیشی قبوڵ بێ!

ئاسۆ کەریم
Aso2karim@yahoo.com

سەرۆک بارزانی لەدوا دیمانەی «NTV» ی تورکی، لە پێشـاژۆی ئاخاوتنی خۆیدا گوتی: "دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی خەیاڵ نییە، هەر زوو کاربەدەستانی تورک هاتنە وەڵام. لەوان ئەردۆگان-ی سەرۆک وەزیران کە گوتی: قسەکانی بارزانی هەڵەیەکە دەرهەق بە ئایندەی ناوچەکە" و دواتر لە ٢٨ی شوباتدا، وتەبێژی حکومەت، وەزیری دادی تورکیاش (جەمیل تشیشک) بەهەمان نەزم، قسەکانی ئەوی بەشێوەیەکی تر دوپاتکردەوە: " تورکیا تەنیا عیراق بە دراوسێی خۆی دەزانێ و ددان بە هیچ پێکهاتەیەکی تر لەناو عیراقدا نانێت". شک لەوەدا نییە مەبەستی جەمیلە فەندی، حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

هەم ئەم ئاخاوتنەی سەرۆک بارزانی و هەم قسەکانی ئەردۆگان و ئەوەکەی دیش دەکرێ تیشکیان بخرێتەسەر:

هەندەی من ئاگام لێ بێ، ئەوە یەکەمین جاری نییە سەرۆک بارزانی، باس لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکا، یان بەو شێوەیەی بۆ ئێن تی ڤی دواوە، بۆ میدیاکان بدوێ، چونکە .

١- سەرۆک دەیەوێ وەک پرەنسیپ و وەک ماف، جەخت لەوە بکاتەوە کە کوردیش، تەبای گەلانی تری دنیا، مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، بەدامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیشەوە. دیارە ئەو مافە، لە چەندین دۆکیومێنت و ڕێککەوتننامەو جاڕنامەی جیهانیدا چەسپێندراوەو بووەتە "بنەمایەکی قانوونیی پابەندکار" و لەسەر دەوڵەتانە بە تورکیاشەوە کە ڕێز لەو بنەمایە بگرن.

٢- سەرۆک دەیەوێ بە گوێی هەموو لایەکی دابدا کە کوردیش مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتی هەیە و تا هەتایێ ناکرێ ئەو مافەی لێ زەوت بکرێ. چونکە ئارامی و جێگیری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە سەرووی ٣٠ ملیۆن کوردی تێدا دەژی، بەندە بەرادەی شادبوونی کورد بەو مافە .

٣- لە هەمانکاتدا سەرۆک دەیەوێ بە گەلەکەی خۆی، واتە بە گەلی کوردستان بڵێ، کە ئۆتۆنۆمی و فیدرالی و نازانم چی و چی دیکە، وێڕای بایەخ و گرنگییان لە پێڤاژۆی خەباتی ڕزگاریخوازیدا، دوا قۆناخ و مەنزل نین. واتە سەرۆک دەیەوێ کورد، بەتایبەتی کوردی عیراق، لەسەر ستراتیجێکی نەتەوەیی ڕابهێنێ، کە ئەو مافانەی ئەمڕۆ لە عیراقدا وەدەستی هێناون، هەموو مافەکان نین و شتی تریش لەپێش ماوە.

٤- هەمیشە لەتەک ئەم لێکدانەوەیەدا، سەرۆک ئەوەش لەبیر ناکا، کە مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی پابەندی کات و هەلومەرجی ڕۆژە. واتە لە ڕووی پراکتیکەوە، تا ئێستا سەرۆک بارزانی دامەزراندنی "دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان"ی نەکردۆتە دروشمی ڕۆژ، بەڵام وەک ستراتیج لەبیر خۆی و میللەتەکەی ناباتەوە و ئاکامی ریفراندۆمە نارەسمییەکەی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ی لەبەرچاوە کە ٧٦.٩٨٪ی گەلی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا". هەقە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەم چوارچێوەیەدا ئاخاوتنەکەی سەرۆک لێکبدەنەوە.



سەبارەت بەقسەکانی ئەردۆگان و جەمیل- یش دەڵێم:

١- حکوومەتی تورکیا لە لایەک ئامادەیی خۆی نیشان دەدا لەگەڵ سەرکردەکانی کورد گفتوگۆ بکا کە لەلایەن کوردەوە پێشوازی لێکراو لێ دەکرێ. لە لایەکی تریشەوە دەڵێ ددان بەهیچ کیانێکی تری سیاسی غەیرەز لە دەوڵەتی عیراق نانێین و ڕەخنەش لە کۆندالیزا ڕایس دەگرن کە لە جیاتی باکوری عیراق، ناوی کوردستان-ی هێناوە. ئەم دژبەرییە تا کەی؟ هەندێ ڕوناکبیر و سیاسەتکاری تورکی دەیانەوێ واقیعبینانە بیر بکەنەوەو واز لە ئینکەبەری و نکوڵیکردنی بێ مانا بهێنن و ئەم واقیعە تازەیەی کوردستان دەخەنە بەرچاوی حکوومەتی تورکیا. ئەوەتا کەنعان ئیڤرین-ی سەرکۆماری پێشووی تورکیا بۆ ڕۆژنامەی سەباح-ی تورکی گوتی: " تازە حکوومەتی کوردی دامەزراوە، پێویستە وەک برا ڕەفتار لەگەڵ کورددا بکەین". باشە ئەگەر دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نانێن، ئەو هەموو کۆمپانیایە تورکییەی لە کوردستاندا کار دەکەن، لەگەڵ کێ بۆندەکانیان مۆرکردووە، هەقە حکوومەتی تورکیا باشتر پێوەندی نێوان سیاسەت و ئابووری بخوێننەوە .

٢- ئەی گفتوگۆ لەسەر چی! مەگەر بۆ ئەوە نییە هەردوولا (کوردو تورکیا) باس لە کێشەو گرفتی نێوانیان بکەن، یەک لەو کێشانە ددان نەنانی تورکیایە بەو واقیعە قانوونی و سیاسییەی لە کوردستاندا هەیە. تورکیا چاک دەزانێ لە دوای دەرچوونی قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق (٨ی ئاداری ٢٠٠٤) و پاشان پەسندکردنی دەستووری عیراق (١٥/١٠/٢٠٠٥)، ئەم قەوارەیە سیاسییەی لە کوردستانی عیراقدا هەیە بەرەسمی ناسێنراوەو خەڵکی عیراق دەنگی بۆ داوەو یەکێکە لە قەوارە سەرەکییە سیاسییەکانی ناو دەوڵەتی عیراق، ئەگەر بەڕاست تورکیا، دەوڵەتی عیراقی قبوڵە وەک خۆیان دەڵێن، دەبێ ڕێز لە دەستووری عیراق و قەوارە پێکهێنەرەکانی ناو عیراقیش، بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە، بگرێ. بەداخەوە، هەر ئەم گرێیە، وای کردووە کاربەدەستانی تورکیا خۆ لەهەر کۆنفرەنس و دیمانەیەک بپارێزن کە سەرکردەکانی کورد بەوانەشەوە کە پۆستی سیادییان لەناو عیراقدا هەیە، بەشداری تێدا بکەن. ئەم هەڵوێستە نابەجێیە وایکردووە کە بەشداری لەو کۆنگرەیە نەکەن کە لە ١٠ی ئەم مانگەدا لە بەغدا دەبەسترێ و تیایدا وڵاتانی ناوچەکە بەشداری تێدا دەکەن.

بەهەرحاڵ، ئەوە تورکیایە کێشەو ئاریشەی لەگەڵ کوردا هەیەو ئەگەر بیەوێ کێشەکانی چارە بێن، پێویستە درەنگ یان زوو چ ڕاستەوخۆ یان بە ناوبژی تەرەفێک کە دۆستی هەردوو لا بێت لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان گفتوگۆ بکا. دەسپێکی گفتوگۆش لەنێوان تورکیاو کوردستاندا ئەوەیە کە تورکیا، وەک چۆن لە دەستووردا پێناسە کراوە، کوردستانی قبوڵ بێ.